کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
10-4-2007 21:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی نامەکەی مام جەلال ئاشکرا دەکا... !!! شەرام هەورامی

دەمەو ئێوارەی دوێنی ڕۆژنامەنوس ڕەوەز کە گەنجێکی دیار بەکریە و چەند ساڵێکە بە هۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە بۆتە دۆستم و زۆر جار بە تەلەفۆن و هەندێك جار بە ئیمەیل پەیوەندیەکانی نێوانمان دەمەزەرد دەکەینەوە. تەلەفونێکی بۆکردم بۆی باس کردم کە جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری ئێراق، نامەیەکی بۆ ئەردوگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ناردوەو ئێستا نامەکە لە کەناڵەکانی تورکیا بەزەقی بڵاوکراوەتەوە!!!بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی حوریەت و کەناڵی شۆ تیفی و تەرەتە یەك و دوو سی!!! ڕەوەز بۆی کێرامەوە، کە سەرەتایی نامەکە زۆر هەزیلانە نوسراوە تا ئەو ئاستەی کە بەزەقی و بێ پەردە داوایی لێبوردنی لە ئەردۆگانی کەمالیست کردوە!!! لەسەر ئەو دیمانەیەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەناڵی ئەلعەرەبیە چەند شەوێك لەمەوبەر ساز کرابوو. کە تێدا سەرۆکی هەرێم لە وەڵامی دەست درێژی و دەست وەردان لە کارو باری کوردستان بەگشتی کەرکوك بەتایبەتی دیدو بۆچونی خۆی خستبوە ڕوو، ئەگەر تورکیا دەست وەربدات لە کەرکوك ئەوا ئێمەش وەك کوردان دەست وەردان لە دیار بەکر دەکەین. ئەم هەڵوێستە نەتەوەیی یە دەنگ دانەوەیەکی لە کوردستان و ئێراق و ناوچەکەو تەنانەت لە ناوەندەکانی نێونەتەوەیشدا دروست کردوە. لێرەدا پێویست بە خوێندنەوەی ناوەرۆکی نامەکەی جەلال تاڵەبانی ناکات! چونکە حوریەت باش شیکاریان بۆکردوە!!بە جەندرمەیەکی خۆیان لە قەڵەم داوە!! دیارە مامە گیان بەم ئاخیرەتی تەمەنیەوە دەیەوێت باشترین خزمەت بە دوژمنان بکات! دەبوو پشتیوانی تەواوی لێدوانەکانی مەسعود بارزانی بکردایە، و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مامە لە یادی چووە کە بونی بەسەرۆکی ئێراق بە پشتوانی لیستی هاوپەیمانان و خەڵکی کوردستان بووە. کوردان هیوایان بەو زاتە بووە کە هیمەتێك بکات ئەو داخوازیانەی تا هەنوکە نەهاتونەتەدی ئەو بەم کۆتایی تەمەنیەوە خەباتی بۆ بکات!!نەك دژی مادەی 140 ی کەرکوك کاربکات! نازانین بە چ لۆژیکێك ئەو دەستەڵاتەی بە خۆی داوە لێبوردنێکی پڕ شەرمەزاری بەرامبەر بە تورانیەکان پێشکەش بکات!! لە کاتێکدا بە پێی دەستور ناگونجێت ... هەرچۆن ناگونجێت بارزانی لە جیاتی تاڵەبانی کارێکی وەها ئەنجام بدات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.